## بەری رۆژ بە بێژنگ ناگیرێت. ... کوردۆ هەڵەبجەیی

لە یادی کارەساتی هەڵەبجە و بە شەهیدکردنی پێنج هەزارو یەکەم رۆڵەی ئەم شارە، ئێستاکە هەڵەبجە لەلایەن چەندەها کۆمەڵ و دەستەی جودا جوداوە کەوتۆتە سەر باس و قسەی لێدەکرێت. لەنێوان ئەم کۆمەڵە و تاقمانەدا، بیروڕای جۆراو جۆر هەیەو هەر کۆمەڵێک و تاقمێک بەپێی بەرژەوەندی خۆی بەلایخۆیدا دایئەشکێنێ، بێگومان لەناو ئەم چین و کۆمەڵ و تاقمانەدا، زۆربەی زۆری گەلەکەمان کارەساتی هەڵەبجەی کۆن و نوێ بە کارەساتێکی نەتەوە ئەزانن و هۆکانی روودانی کارەساتەکەیان وەک رۆژی رووناک لا ئاشکرایە و ئەیبینن. ئەوەی کە جێگای سەرنجە لە ناو سەرانی ئەو دوو حیزبەی کوردستاندا یەکێتی و پارتی چەند کەسانێک بوونەتە سوری بەر لەشکر و خۆیان بە خەمخۆری ئەم گەلە ئەدەنە قەڵەم. یەکێک لە ئەستێرە هەرە دەرکەوتوەکان مەلابەختیاری چەپ، سۆسیال دیموقرات، ئاشتی خواز، ژنخواز، ژنپەروەر، مافپەروەر، وەرزشزان، بەرپرسیاری کۆمەڵگە دیموکقراتەکان، ئۆلۆمپی، یەکتێتی و زۆر شتی مارانپێچ ئاسای تریش.

ئەم نوسیە زادەی بینینی ریکلامی بەرنامەیەکی دێباتی (کەناڵی کوردستاتە) کە رۆژی هەینی پیشانی ئەدەن.

لەو کورتە رێکلامەدا، مەلا بەختیار بە دەموچاوێکی شەڕانگێزی و تورەبییەوە خەریکە لە شاشەی تەلەفیزۆنەکە یەتە دەرەوە. یەکێک لە دانیشتوانی دێباتەکە قسەئەکات و ئەڵێت (من خۆم نە چووم بۆ هەڵەبجە و نەمدیوە، بەڵام لە رۆژنامە و کەناڵەکاندا ئەیبینم و بەرگوێم ئەکەوێت کە هیچ بۆ هەڵەبجە نەکراوە. ) لەم کاتەدا مەلابەختیار قوشقی ئەبێت، بەو پەڕی تورەی و حاڵەتی ئەعسابەوە قسە لە دەمی ئەو بەرێزە ئەپچڕێ و بە شێوەیەکی زۆر بازاڕیانە دەڵێ (کاکە فەرمو با بەیان پێکەوە جبین بۆ هەڵەبجە ئەو هەموو پرۆژانەت پیشاندەم و فەرمو ئەو ئەرکە بکێشە)

بەراستی سەیرە مەلا بەختیارێک کە ئەو هەموو ناونیشان و شتانەی کەلەسەرەوە دەستنیشانکراون هەڵگرتووە، هەروەکو مرۆڤێک کە بەخۆی ئەڵێ چەپ و سۆسیالیست و دیموکراتیخواز. !! ئەوەندە چیکلانە بچوکە لە دیمانەیەکی تەلەفیزوێنیشدا ناتوانێت ئەو خورەوشت و ئاکارە شەرانگێزی و تورەبوونەی بشارێتەوە، ئەوە جگە لەوە کە ئەو پیاوە بیر لەوەناکاتەوە کە ئەوە تەلەفیزێونە و بە ملێۆنەها خەڵکی دەیبینێت. ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر، ئەگەر مەلابەختیار (ئینشائەلا و هیمەتی مشایەخان بیکات) ئەوان بە نیازن موئەسەساتی کۆمەڵگای مەدەنیمان بۆ دروسکەن::!!!! ئەی چۆن و بە چۆن یاساورێسایەک ماف بەخۆی ئەدا کە خۆی لە کاروباری حکومەت هەڵقورتێنی. لەکاێتکدا کە حکومەتەکەی عومەر فەتاح خاوەنی دەیان وەزیری جۆراو جۆرە، کە ئەمەش بەو مانایە دێت کە حکومەت بریاردەر و بردن بەرێوەی وڵات و کاری هاوڵاتیانە. حکومەتە کە بەرپرسیاری رووداوەکانە بە باش و خراپیانەوە، بێگومان بە قەیرانەکانیشەوە. جارێ هەمووومان دەزانین هەڵەبجە بێجگە لەوەی کە شاری کارەساتە، بەڵام شارێکە دانیشتوانێکی زۆری بەرچاوی هەیە، شارێکە بێگومان پێویستی بە نەخۆشخانە، قوتابخانە، رێگاوبان، تەلارسازی، ئاو، کارەبا و دەیان و هەزاران بنکەو دامادەزاگای تر هەیە، کەواتە، ئەم هەموو پرۆژانە رووبەرووی حکومەت دەبنەوە، حکومەت ئەبێت بوژەیان بۆ دابین بکا، کە بێگومان ئەمەش لەلایەن

وەزارەتە جۆر بەجۆرەکانە بەپێی دامەزاندن و جۆری پرۆژەکە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتێک، و لەسەروو هەمووپیانەوە وەزارەتی دارایی.

ئەم روونکردنەوەیە بۆ ئەوە بوو کە مادام حکومەت هەیە، کەواتە ئەو وەزارەت و دەزگایانە بەرپرسیارن لە کردن یان نەکردن، جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی پرۆژەکان لە شاری هەڵەبجەدا. ئێستا پرسیارەکە لەوەدایە مەلابەختیار بۆچی بەو دەموە گرژ و بە تورەی و خۆسەخڵەتکردنەوە، ئەیەوێت بەزۆر هاوڵاتیەک راپێچی هەڵەبجە بکا و پرژەکانی نیشاندات. باشە مەڵابەختیار... تۆیەک کە ئەو هەموو بەرپرسیاریەت هەیە چۆن و لەکوێوە، ئاوا بەپەلە ئەتوانی بەیانی لەگەڵ هاوڵاتیەکدا بەرەو هەڵەبجە بە. ێکەویت؟! ئەبوایە تۆ بەپێی ئەو هەموو ناونیشان و کارانەی کە هەتە، کاتت دەگمەن بوایە، ئەمە یاسای کارکردن و بەرپرسیارانە، کێ کاری زۆربێت یان کار زۆر بکات، کاتی کەمە. لەلایەکی تریشەوە ئێمە دەزانین کە مرۆڤێکی وەک تۆ بەرەو هەر لایەک ملبنێ، بێگومان ئەبێت پاسەوانێکی زۆر، ئەوەندی پاسەوانەکانی (ئەلمەرحومی) لەگەڵدا بێ. ئەرێ بەراست بەدەیان سەیارە و ئەو جگە لە مەشغولکردنی ترافیکی رێگاوبان و مەسرەفی خواردن و بەنزین و کۆکردنەوەی بەرپرسیاران لە شاری هەڵەبجەو هاتنیان بە پیرتەوە. باشە ئەم پارەی (سەفەرە خێرە) کێ سەرفی ئەکات. ؟ ئەوە لەکاتێکدا کە وەکو لەسەرەوە باسکرا تۆ هیچ پەیوەندیەکت بە کاروباری پرۆژەکانی هەڵەبجەوە نیە. ئەیباشە وەزیرێکی جوامێر بۆ نایەتە گۆ و بڵێت ئەرێ مەلابەختیار تۆ کێیت ئاو لەخۆڕا خۆت لە کاروباری وەزارەت و دامو دەزگا حکومیەکان هەڵئەقورتێنی و دەستیان تێوەرئەدەی؟. بەڵام یان بە دیوەکەی تریدا راستە (ئاش) لە خەیاڵ و ئاشەوان لە خەیاڵێک، حکومەتی چی و دامودەزگای دیموقراتی چی؟ هەموو قسەی بۆشن هەروەک چەپیەتیەکەی مەلا و (ئاش) کەی مەلا و دیموکقراتیەکەی وایە. تەنها و تەنها ئێوە کۆمەڵێ باندی مافیان. هەر لەبەر ئەوەشە کە بەری رۆژی روناکی گەلی کورد بە بیری بێژن ئاسا کونکون بوی مەلا و ناگیرێت.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە خاوەنی هەزاران شەهید و سەروەرییە، لە ئێوە بێبەرین و هەرچۆن کاتی خۆشی لەژێراو ژێر بەدزیەوە خۆتکرد بە (ئاش) و لەسەر بیری عێراق چێتی خزێنرایتە کونێکەوە، ئاخر کونەکەی تۆش لە کونەکەی سەدام جیاواز نەبوو، بیری سەدام و هەلسوکەوتی تۆش دەقاودەقن، ئەویش وەک سەردەمی (ئاش) ی تۆ لەسەر مەسەلەی عێراق تەپایە ناو ئەو کونەوە، بەڵام ئەوەیان نازانم ئەویش وەکو تۆ بۆ فێنکردنەوەی جەستەی داتەپیوی جاروبار بارانی رەحمەتی بەسەردا ئەباری. ؟

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە چ یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و چ خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بێنە دەنگ و ریزەکانیان لەم گروپە مافیایانە پاک بکەنەوە بەڵام بەمەرجێک ئەم پاکردنەوەیانە بە شێوەیەکی شارستانیانە و دیموکراتیانە بێت و ئەبێ یاسا سەروەر بێ، دوور لە هەموو شێوازێکی تۆڵە و فیزیکی.

کوردۆ هەڵەبجەیی
سلەیمانی 28-3-2006